# ديكتاتۆرەكان .. دڕندەكان .. لە ئاوێنە .. دەترسن !

بەشی دووەم و كۆتایی :

كامەران عەزیز
Kamaran91@gmail.com

ئەو ئامرازە ئاوێناییانەی كە دیكتاتۆرەكان زیاتر دەترسێنێت و لە خەو و خەیاڵی گورگانە ڕایان دەچڵەكێنێت میدیا و ڕۆژنامە ئازاد و ئاوێنەییەكانە ، ئەو ئامرازە ئاوێنەییانەی نەك تەنها وەك ئاوێنە دەتوانێت وێنەی سایەو سێبەری دیكتاتۆرەكان بە كۆمەڵگا پیشان بدا بەڵكو بە هۆی هەواڵنێر و نوسەر و ڕۆشنبیرە ئازادەكانەوە گیان و زمان و عەقڵ دەكات بە بەری میدیا ئاوێنەیەكاندا كە بتوانێت بێتە دەنگ و هەنگاو هەڵگرێت و بە دوای هەنگاوە نهێنیەكانی دەستەڵاتدا بچێت و پەردە لە سەر نهێنییەكان لا بدات .. وەك نهێنی باوەڕ و ئایین و ئایدۆلۆژیا .. نهێنی بەرنامەو یاسا و بڕیاری سیاسی .. نهێنی دەستەڵات و شێوەی دەستەڵات .. نهێنی گەندەڵی و دزی و ناعەدالەتی دەستەڵات .. نهێنی بێ مافی و بێ بەشی لە سایەی دەستەڵات .. نهێنی كێشە و ڕوداوەكان ، میدیای ئازاد ئەو ئامرازە ئاوێنەییانەیە كە دەتوانێت ببێتە ئاوێنەیەكی بێگەردی ڕوون لە ژیانی چركە بە چركەی مرۆڤەكان ، كە هەرچی خەم و ئازارو كێشەی مرۆڤە دوور و نزیكەكانە لە هەر كوێ بن لە دیوی هەر سنورێك بن لە سەر زەوی بێت یان لە ئاسمان بۆ مرۆڤەكانی ئەو شوینە وەربگرێت و بداتەوە ، ڕۆژنامەی ئازاد نوسەر و ڕۆشنبیر و هەواڵنێری ئازاد لە خۆ دەگرێت تا بتوانێت بیر و وشە و وێنە و دەنگ و ڕەنگی ئازاد بە ئازادی بۆ كۆمەڵگا پەخش بكات ، كەواتە ڕۆژنامەی ئازاد لە كۆمەڵگای ئازاد دا دەتوانێت بێ سانسۆر چاپ و بڵاو بكرێتەوە و بە ئازادی ڕۆژانە بگاتە نێو پۆست و دەستی هاوڵاتیان ، ڕۆژنامەی ئازاد ئەو ئامرازە ئاوێنەییە كەدەتوانێت باز بدات بە سەر سنورەكاندا وە زنجیری سستەم و حوكم بكاتەوەو بچێتە نێو دەرونیەوە .. وە پەنجەرە و دەرگایماڵەكان .. دەزگاكان .. بەندیخانەكان .. كۆشكەكان .. واڵا بكات و هەموو كێشە و ڕوداوە ڕەنگاو ڕەنگەكان وەربگرێ و پەخش بكاتەوە ، ڕۆژنامەی ئازاد ، كاری ڕاستەو خۆ لە سەر ئاگای گشت كۆمەڵگا دەكات لە كارە دزێو و نا مرۆیەكان ئاگاداریان دەكاتەوە .. ڕۆژنامەی ئازاد خۆڕسكانە بە پێی كاری خۆی پەیوەندیە دژەكان ، پەیوەندییە كۆمەڵاتیەكان و پەیوەندی كۆمەڵگاو دەستەڵات دیموكراتیزە دەكات و دەبێتە پردێكی زیندوی چەند جەمسەر لە نێوان دەستەڵات و كۆمەڵگادا بۆ ڕوو بە ڕوو كردنەوە و گەیاندنی داوا و خواستە هاوتا و دژ بە یەكەكان بە یەك . ڕۆژنامەی ئازاد زۆرجار دەتوانێت ببێتە پێشەنگی هەڵمەت و هەستانی خەڵك بۆ بەدیهاتی گۆڕانكاری لە پێداوێستەكانی ژیان و چۆنیەتی كاری ئیداری و سیاسی دەستەڵاتداران . بۆیە كاتێك ڕۆژنامە و میدای ئازاد گاریگەری لە سەر هۆش و ئاستی هوشیاری و ئاگایی و دەنگی مرۆكان دادەنێت دەبێت دەستەڵاتیش بیر لەو سنورە بكاتەوە كە دەتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەم كاریگەری میدیا و ڕۆژنامەی ئازاد ، تا دەستەڵاتە دیكتاتۆرەكان بە پێی بەرنامە و سیاسەتی خۆیان میدیا و ڕۆژنامەكان كۆنترۆڵ بكەن و چەندەها مەرج و قەید و بەند بۆ میدیاكان دابنێن تا بە پێی مەرجەكانی دەستەڵات كار بكەن ، كە نابێت ڕۆژنامە ڕەخنە گربێت لە دەستەڵات بەڵكو دەبێت ستایشكاری دەستەڵات بێت، دەبێت گوێڕایەڵی دەستەڵات بێت و داواكانی دەستەڵات بۆ كۆمەڵگا بەیان بكات و داواكانی كۆمەڵگاش سەرەو ژێر بكات ، نابێت نوێخوازو داهێنەر بێت بەڵكو دەبێت سنوردار و باودار بێت ، دەبێت میدیا و ڕۆژنامەكان ئاگاداری یاسای دەستەڵات بن و ڕێزی یاسای دەستەڵات بگرن ، دەبێت میدیا و ڕۆژنامەكان فشار و ویستەكانی دەستەڵات بە كۆمەڵگا بگەیەنن و داواكانی كۆمەڵگاش بخەنە ژێر بەڕەوە و بێ دەنگی لێ بكەن , دیكتاتۆرەكان دەیانەوێت ڕۆژنامە وەك ئاوێنە





ڕووی له دیوه جوانه‌کانی ده‌سته‌ڵات بێت و پشتی له دیوه ناشیرینه‌کانی خۆیان بێت واتا ده‌یانه‌وێت رۆژنامه بکه‌نه ئاوێنه‌یه‌کی درۆزنی بێ گیان و زمان و سوڕانه‌وه‌ی له ده‌ستی خۆیاندا بێت و دڕنده‌یی ده‌سته‌ڵاتیان به به‌ریئی په‌خش بکات ، وه جوانی داوا و ژیان دۆستی و مرۆ دۆستی مرۆڤه‌کانیش به شه‌ڕه‌نگێزی و نائارامی له ڕۆژنامه‌کاندا به کۆمه‌ڵگا پێشان بدا ..!

له سایه‌ی دیکتاتۆره‌کاندا میدیاو ڕۆژنامه کاری ئه‌وه‌یه هاوسه‌نگی بزواندنی چاو و گوێ و گه‌رو و بیرو هه‌ست و ده‌ستی گشت مرۆکان له گه‌ڵ ده‌سته‌ڵاتدا ڕێکبخات ، واتا کاتیک ده‌سته‌ڵات هاواری کرد کۆمه‌ڵگاش به هه‌مان ڕیتمی ده‌سته‌ڵات هاوار بکات .. !

کاتێک ده‌سته‌ڵات کوێر بو کۆمه‌ڵگاش چاوی خۆی بگرێت ..! کاتێک ده‌سته‌ڵات که‌ڕ بوو کۆمه‌ڵگاش گوێی بئاخنێت ..! کاتێک ده‌سته‌ڵات ژیانی تاڵ و ناخۆشی مرۆکانی له بیر کرد ، گشت مرۆکانیش ده‌سته‌ڵات له بیر بکه‌ن ! کاتێک ده‌سته‌ڵات کپ و مه‌نگ بوو کۆمه‌ڵگاش ده‌بێت بێ ده‌نگ بێت ، به‌ڵام گه‌ر ده‌نگی خه‌ڵک پێچه‌وانه‌ی ده‌سته‌ڵات بو له‌کاتی ناکاتدا خه‌ڵک هاوار و ده‌نگی ئازادانه‌ی به‌رز کرده‌وه ئه‌وا وه‌ک ئه‌و که‌ڵه‌شێرانه که له نا کاتدا ده‌خوێنن سزای سه‌ربڕین وه‌رده‌گرن ! ئاواش ده‌نگی ئازادانه‌ی خه‌ڵک و رۆژنامه ئازاده‌کان سزا وه‌رده‌گرن ، جونکه هه‌روه‌ک چۆن خوێندنی که‌ڵه‌شێره‌کان له نا کاتدا مانای هاتنی هه‌واڵی ناخۆشه..! ئاواش ده‌نگی ئازاد و پێچه‌وانه و به‌رامبه‌ر به ده‌سته‌ڵات هه‌واڵێ ترسناکی پێیه دژ به ده‌سته‌ڵات بۆیه ده‌بێت کپ بکرێت سه‌رببڕڕێت ..!

02.10.2007